**خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی: پرۆژەی لە چاپدانەوەی بڵاوکراوەکانی - پاسۆک-**

گۆڤاری ئاڵای سووری کوردایەتی.. بەرگی یەکەم ژمارە ١-١٦/ چاپی٢٠٢٢

هەڵۆ بەرزنجەیی ٢٠٢٣/٢/٢٢

پێش ئەوەی هەر شتێ بین، ئەبێ کورد بین

چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە

ئاڵای سووری کوردایەتی

ژمارە - ٥ - حوزەیرانی ١٩٨١/ جۆزەردانی ٢٥٩٣ نرخی بە پێی توانایە

ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی - پاسۆک...-

بۆیەکەم جارە نرخ لەسەر بڵاوکراوەیەکی پاسۆک بەرچاو دەکەوێت.. دەبێت باری ئابوری زۆر لە ژێر سفرەوە بوو بێت..

لەگەشتەکەماندا گەیشتووینەتە ژمارە پێنج کە ١١ بابەتی لە خۆ گرتووە.. ئەم جارەش خوێنەر بەسەر کۆپلە شیعرێکی پڕ مانادا دەکەوێ... یەکەم هەنگاوی بەرەوژوور، بۆ لوتکەی بەرز بۆ لوتکەی دوور، ئەژنۆی ڕۆیشتن.. ئەلەرزێنێ، بەڵام ئەڕۆین.. چونکە ئەسپی، شەهیدانی لوتکەی بێ سوار، بەسەرماندا..

دەحیلێنێ!.ناپلیۆن دەڵێ: " نەتەوەیەک ئاڵای ئازادی و یەکێتی بشەکێتەوە هیچ کاتێ نانەوێ". کوردیش شۆڕشەکەی خوێناوییەی هەزاران قوربانی لەپێناوی ئامانجی سەربەخۆییدا داوە.. تا نەگاتە دوا ئامانج دەستبەرداری خەبات نابێ، هەر ناشتوانێ بوەستێ چونکە لافاوی خوێنی شەهیدانی ڕایدەماڵێ..!

خاوەنی ئەم شیعرە کێیە دیار نییە ! .. ئێمە دەزانین شیعر تا ئیمڕۆش چەندە کاریگەریی لەنێو پانتایی ڕۆشنبیریی کوردیدا هەبووە و هەیە. شیعر وەک چەکی بەرگریش لەمێژووی گەلاندا بەکارهاتووە و شیعر مێژوویەکی پرشنگداری هەیە، لە جۆشوخرۆش بەخشینە جەماوەر . تەلیسمی شیعر لەوەدایە زوو بەزوو دەگاتە خەڵکی و مانای خۆی بەدەستەوە دەدات.. ئەم بژێوییەش گەر بارگاوی بێت بە پرسگەلێکی فیکری و فەلسەفی و نەتەوەیی و سیاسی زوو بە دڵەوە دەنووسێ و جێ پەنجەی خۆی لەسەر ڕووداو و بابەتەکان دیاری دەکات.فەیلەسووفی ئەڵمانی کانت لە پێناسەیەکی شیعردا دەڵێ:" شیعری باش ئامرازێکی بڕندەیە بۆ چالاک کردنی مێشک."

دواتر سەروتاری ئەم جارە لە گۆمی خوێنی ڕووداوە دڵتەزێنەکانی مانگی حوزەیران هەڵکێشراوە و بەناونیشانی[[ لە گۆمی خوێنی حوزەیراندا، ئازادی و یەکسانی گزنگ دەدات]].. وتارێکی تێروتەسەل لە وڵایی مێژووەوە زۆر لە ڕووداوەکانی ئەم هەیڤە خوێناوییەی لە کوردستاندا بەسەر کردۆتەوە..[ کورد "سیزیفی" چارەنووسی مرۆڤایەتییە لە بەرەنگاربوونەوەی نەهامەتی و کۆسپ و لەوێردا]..[

ئاڵای سوور رۆژمێری ڕووداوەکانی ئەم مانگە بەسەر دەکاتەوە، بەتایبەت دوای داڕمانی دەوڵەتی عوسمانی . لەم یادەورییە ناخۆشانەدا باسەکانی شۆرشی شێخ سەعیدی پیران و ڕاپەڕینەکانی سمکۆی شکاک و بەتایبەت لە سێدارەدانی چوار ئەفسەرە ئازادیخوازەکەی کورد لە ١٩٤٧/٦/١٩ واتە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدانی پێشەوا و هەڤاڵەکانی... بەشی شێری وتارەکەیان بردووە بۆ خۆیان..

چمکێک لە مێژووی خوێناوی و کارەساتە دڵتەزێنەکانی کورد بەسەر کراوەتەوە. زۆرجار لەئامانجەکانی نزیک بۆتەوە بەڵام دواتر بە پلانێکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی گەمارۆ دراوە و بە توندی و نامۆڕاڵی سەرکوت کراوە..

کورد تا ئێستا ویستوویەتی ڕێی سەربەخۆی تەنیا بە خوێن پاک بکاتەوە. لەم هاوکێشەیەدا دەبێ بیر لە هێنانە ناوەی ستراتیژی نوێ بکات و شێواز و میتۆدی تریش بگرێتە بەر بۆ گەیشتنە ئامانج.. داگیرکەران زۆر و بەهێزن، کورد دەبێ لەبەرانبەردا یەکگرتوو بە ئسابی وردەوە مەیدان و جۆری شەڕەکەی دیاری بکات.. لەئاستی نێودەوڵەتیشدا بایەخی زیاتر بە هەردوو بواری دیبلۆماسی و لۆبی سازی بدات.

جارێکی تر وتارەکە جەخت لەسەر پێویستی یەکگرتن دەکاتەوە و دەنووسێ:[[ ئێمەی کورد لەم جیهانە پڕ جەنجاڵە پڕ بەرژەوەند و شیرازە پساوەدا تەنیا بە یەکگرتن، بە قوربانیدان، بە کوردایەتی دەتوانین بوون و ویست و خواستی خۆمان بچەسپێنین]].. پاشان لەسەر باسەکە دەڕوات و کۆتایی وتارەکە بەچەند دروشمێکی شۆڕشگێڕیی [[ بروخێ دەنگ و ڕەنگ و ویستی ( کورد نەویستی و خۆدان بەدەستەوە).. بڕوخێ گیانی بەزین و بڕوا بە خۆنەبوون، بمرێ دەڵاڵ و هەراجکەرانی کورد و مەسەلەی ڕەوای نەتەوایەتیمان.. تا سڵاو لە پێشمەرگە و دڵسۆزانی کورد، بژی دروشمی نەمری ( کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان)]]..

وەک هەموو ژمارەکانی پێشوو، ئەم جارەش بە وێستگەی [[ ڕازێکی کوردانە]].. تێدەپەڕین و بابەتێکمان بەناو نیشانی [[ لەسەرەڕێی ڕزگاری دا]] دەکەوێتە بەرچاو!.. بایەخ و گرنگی بابەتەکە لەوەدایە نزیکەی ١٠ لاپەرەی گرتوتەوە..

]]ئێمە کە داوای ( ڕزگاری و یەکگرتنەوەی کوردستانی مەزن) دەکەین چ پەیوەندییەکی هەیە بەسەر برایەتی و ( هاونیشتمان) بیەوە.. ئێمە دۆست و هاوکاری هەموو نەتەوەیەکی ژێردەستە و چەوساوە و دۆستی کوردین و ئەگەر ڕاست" برایەتی" و " دۆستایەتی" کوردیان دەوێ، دەبێ و کورد ئازاد و سەربەخۆ بێت تا بتوانێ وەکو نەتەوە و تاکانێکی ئازاد و بەرپرسیار برایەتی و دۆستایەتی بکات.. کۆیلە و ژێردەستە کەی ویست و خواستی خۆی لە چنگی خۆیدایە تا برایەتی و " دۆستایەتی" ببەستێ(..) ئێمە چۆن دەتوانین ئەو ( برایەتی) یە بکەین یان کەی " برایەتی " لە نێوان " ئازاد " ێک و " کۆیلە" یەکدا گرێ بەند بووە؟.. یان ئەو برایەی ڕێم پێ نەدا یان بۆم نەسەلمێنێ یان یارمەتیم نەدا و لە من سوورتر نەبێت لەسەر داوای ڕەوام چ جۆرە برایەتی و چ برایەکە؟.. ئەو " برایە" ئەگەر سەرکەوتنی من بەسەرکەوتنی خۆی و سەربەخۆیی من بە سەربەخۆیی خۆی و ئازادی من بە ئازادی خۆی نەزانێ بەپێی کام دەستوور ( برا) مە؟؟.[[ !

" بێ نیشتیمان بیت، واته له ئازاردا دەژیت" دیسکۆفسکی.. بێ نیشتیمان واته بێ ئازادی و بێ سەربەخۆیی و هەتا دەگاتە بێ قەوارەی سیاسی دەگرێتەوە.. ژیانی میللەتانی بێ دەوڵەت هەمووی تاڵاو چەشتنە.

داگیرکەران چەند بەهێزی سەربازی و سیاسەتی کولتووریی و ئابووری شەڕی کوردیان کردووە، زۆر هێزی تری گۆڕەپانەکە بەدروشمگەلی چەواشەکارانە و فریودان، هەوڵیان داوە، ئامانجی راست و رەوانی رزگاری سەربەخۆیی لە کورد بگۆڕن و کورد لەم جۆرە خەباتە دوور بخەنەوە! بەئەندازەیەک تاکێکی کورد پێی شەرم بێت، بڵێ کوردم و کوردستانیم و دەمەوێ وەک ئێوە و هەموو تاکە ئازادەکانی دیکەی ئەم جیهانە بژیم!.. ئەوەی ئەوان لە ئێمەی داوا دەکەن برایەتی گەلان بەس خۆیان سەردەست و خاوەنی دەوڵەت و ناسنامە و هەموو دامودەزگا و ئاڵا و زمانی فەرمی بن!

نۆرە دێتە سەر [[ قوتابخانەی پاسۆک]] و ئەوەی ئەم جارە تێیدا دەخوێندرێت[[ وانەی پێنجەم]] کە بریتییە لە دروشمێکی ناوەندیی و کۆڵەکەیەکی فیکریی و لۆگۆیەکی سەر هەموو ئۆرگانەکانی پاسۆک[[ بۆ " پێش ئەوەی هەر شتێ بین .. دەبێ کورد بین"؟]]...

لەبەرانبەر ئەو هەموو بیر و ئایدۆلۆژیا و مەزهەبانەی هێندرانە کوردستانەوە و زۆربەشیان تا سەر ئێسک نامۆ بوون بە واقعی کوردی و جێیان لە فەرهەنگی کوردیدا نابێتەوە.. بە شێوازی جیاجیا و بە زۆردارەکی سەپێندران..

گرفتی بنەڕەتی لەوەدا خۆی دەنوێنێ بەشی زۆری ئەم بیرکردنەوانانە تاکی کوردیان هێناوەتە ئاستی خۆلەبیرچوونەوە و خانەی کۆسمۆپۆلێتیتی.. لەدواجاردا کورد تاکێک و سەدان و هەزارانی لەدەست داوە، داگیرکەرانی کوردستان سوودیان لەم سەرلێشێواویی و شپرزەییە فیکرییە وەرگرتووە.. بۆیە دەبینین هەڵگرانی ئەم بیر و ڕێبازە تەواو جیاوازن لە هی میللەتانی سەردەست..!!

عەرەبێکی کۆمۆنیست و چەپ بەشانازییەوە شەڕی داگیرکەرانی وڵاتەکەی دەکات و باسی برایەتی گەلانیش هەرگیز هیچ لە ئارادا نییە!.. قەت نەبیستراوە و نەبینراوە پارتێکی چەپی فەلەستینی/ عەرەبی هەڵگری دروشمی برایەتی بێت لەگەڵ ئیسرائیلییەکان دا... نازیم حکمەت شیعری بۆ هەموو میللەتان و دەوڵەتانی ئاسیا و ئەفەریقا و ئەمەریکای لاتینی وت، کەچی ئاوڕێکی لە کورد نەدایەوە.. ناوەندە فەرمیی و ڕێکخراوە فەرمییەکانی جیهانی ئیسلامی، هەر بزاڤێک دژ بە ئیسرائیل بکرێ، چەپیش بیکات بە ڕەوا و بە شۆڕشگێریی لە قەڵەم دەدەن، کەچی هی کورد بەدەستی ئیسرائیل و چەپی کافر و لادەر دەدەنە قەڵەم فەتوای لەناوبردنی دەدەن و دەچنە سەنگەری دەسەڵاتی ناوەندی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیرکردووە و کوردکوژی ئەنجام دەدەن..

ئا لەم دیدەوە ئەم دروشمەی پێش هەر شتێ بین دەبێ کورد بین هاتۆتە دنیاوە... بەواتای ئەوەی ڕێگریی لەهیچ بیر و ڕێبازێک ناگری و دژیشی ڕاناوەستین ئەگەر بێت کوردبوون نەکاتە قوربانی دروشمە نەزۆکەکانی و کوردیش وەک میللەتانی تری جیهان ، بۆ سوود و قازانجی نەتەوە و نیشتمانی خۆی سوود لەو بیرە دەرەکییانە وەرگرێ و بەکاریان بهێنێ!. ئەوەیشی بچووکە و کوردبوونی پێ شەرم و کەمە، با باشتر و ڕوونتر سەیری جیهان بکات و بیر لە خۆی بکاتەوە.

پەشێو لەم ژمارەشدا ئامادەیی هەیە، ئاخر شیعرەکانی لە کورتترین وێنەدا مانا و بەهاکانی بیرۆکەیەکی

نەتەوەیی دەوڵەمەند و زیندوویی لە خۆ گرتووە.. لەمەش زیاتر ئاڵای سووری کوردایەتی هەواری ڕاستەقینەی بیر و ڕۆشنبیریی نەتەوەیی بووە هەر بۆیە شیعرگەلی لەم چەشنە نامۆ نییە بە لاپەڕەکانی..

[[بانگێ لەسەنگەری پاسۆکەوە]] ناونیشانی سەروتارێکی ترە کە بەرەو ڕووی هاووڵاتیەکەم و هاونەتەوەکەم ... هتد کراوە..

دیارە ئەم بانگەشەش ڕەنگدانەوەی دۆخی ئاڵۆز و سەخت و پڕ لە گیروگرفتی نەتەوە و پەیوەندی نائاسایی نێوان حیزبەکانە..

شیعرێکی تری مەلا محەمەدی کۆیە [[لە کەلەپووری شۆڕشگێریمان]] بەرچاو دەکەوێ ، کە ناوەڕۆکەکەی نزیک و تەواوکەری ناوەڕۆکی وتاری بانگەکەی لەسەنگەری پاسۆکەوە...

[[شادەمارە سەرەتاکانمان]].. بریتییە [[ دژی خۆبەستنەوەین بە هەر بەرەیەکی دەوڵەتییەوە، مەگەر بەرژەوەندی بەرزی کوردی تێدا بێت و مەترسی بۆ سەر ئازادی و سەربەخۆیی کوردی تێدا نەبێت]]..

بابەتەکە زۆر زرنگانە شی کراوەتەوە لەبەر ڕۆشنایی ڕیاڵ پۆلەتیکی لە دنیادا بەرقەرار بووە و تا ئێستا لە ڕەوتی خۆی نەکەتووە.. سیاسەتی ناوخۆی وڵاتان ڕێکخستنی شێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵک. مەودایەکی تایبەتە بە خودی گەلان و دەوڵەتان لێ سیاسەتی دەرەکی وەک وتارەکە ئاماژەی پێداوە بریتییە لە [[ پاراستن و پارێزگاری بەرژەوەندییە نەتەوایەتییەکان بەپێی یاسا و دەستووری نێودەوڵەتان]].. ئەم سیاسەتە گەر ڕەواش بێت بۆ زۆر دەوڵەت نابەجێ و پڕ لەشەرمەزارییە، چونکە بەرژەوەندیتەکان گلاو و چاوچنۆکانە لەسەر هەژماری میللەتانی دیکەیە.. بۆیە وەک وتارەکە ئاماژەی پێداوە[[ مەگەر بۆ ئارایشکردن و تیفتیفەدانی خرابێت وبخرێتە بەر تیشک و پێویستییەکانی دروشم و ڕواڵەتی " دادپەروەری" و " مرۆڤاتەتی" و " ڕەوشتی مرۆڤانە" " ئازادیخوازی" و" پێشکەوتن " و " هاوکاری و بەرژەوەندی نێو گەلان" و لەم بابەتانە!]]..

ڕاستە کەوا [[ بەرژەوەندی و سوودی گشتی گەلان لە هاوکاری و لێک تێگەیشتن و مامەڵەی بەرانبەری و هاوسانیدایە]].. بەڵام هێزە ئەهریمەنەکان و ئەوانە باڵادەستن کەمتر بەدووی ئەم هەقیقەتەوەن و کەموزۆر نامۆ ئاڵانە و بەرژەوەندی تەسک بڕیاریان پێ دەدات..

ئەو دەم دووبەرە لەئارادا بووە، بەرەی سەرمایەداری بە ناوەڕۆکێکی ئازادیخوازی و دیموکراسی بەسەرۆکایەتی ئەمەریکا و دژی دیکتاتۆری و کپکردن و نەفەسبڕژردن و پێشێلکردنی مرۆڤ کە بەرەی ئەو رابەراتەتی دەژرد.. بەرەی پێشکەوتنخواز و بەسەرۆکایەتی شورەوی.. دژی سەرمایەداری و چەوساندنەوە و ئیمپریالیزم خۆی دەنواند.. بسمارک دەڵێ:" لە سیاسەتی دەرەوەدا هەست و سۆز و بەزەیی نییە، بەڵکو بەرژەوەندی بەرابەری و بۆ وەرگرتنی ئاڕاستەکان هەیە."

پاسۆک بەردەوام وەک سیاسەتێکی نەگۆڕی پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کورد دۆستی بەرژەوەندی خۆی بێت و هەرگیز دژی ئازادی گەلان نەوەستینەوە و بایی ئەرکی مۆراڵی سەرشانمان لەبەرەی گەلان و ئازادیخوازان و چەوساوە و مرۆڤدۆستەکاندا بین و بەشداری بکەین لە بنیاتنانی ئەم ڕۆحییەتە گرنگە بۆ ئایندەیەکی بەختەوەرتر بۆ مرۆڤایەتی . وتارەکە و شرۆڤە بابەتییەکەی ٩ لاپەڕەی ئەم گۆڤارە هەژارەی بۆ تەرخان کراوە!.. ئەمەش بەڵگەی گرنگیتێگەیشتن و کارکردنە بەو شادەمارە و دروشمە!.. بە کورتی باسە جۆراوجۆرەکانی سەر شانۆی سیاسەتی جیهان و ئەو نمایشتانەی دەوڵەتان دەکەین ، زادەی لەدایک بوونی شادەماری ناوبراوی پاسۆکە...

پاشان لە لاپەڕەیەکی نوێدا دوو وتەی تاریک و دووی ڕوون لەسەر کورد لەم ژمارەدا هێنراوەتەوە..
تاریک بەواتای ناحەزانەی دوژمنکارانە و روون دۆستانەی هاوسۆزانەیە.
لە دوا لاپەڕەکان دا جارێکی تر شیعرێکی پەشێو سەرەڕێ خوێندنەوەمان لێ دەگرێ...شیعرەکە پڕاوپڕی ڕووداوە مێژوویەکانە.

تکایە

زۆر تکایە

بۆئەوەی منالّی ئێمەش

بووکەشووشەیان دەستکەوێ

ـ وەکو هەموو مباڵانی ئەم دنیایە-

فێریان کەن، ڕایان بێنن

تانک و تۆپی داگیرکەران

تێک بشکێنن

پەیامی ئەم شیعرە روون و ئاشکرایە، بۆیەکا زۆری لەسەر نانووسین.

ئەوجا بە کاوە بەرەو دادانەوەی پەردەی شانۆکە دەبینەوە یاخود هەنگاو بەرەو وتاری [[ ماڵاوا]] کردن لەم ژمارەدا دەنێین.. وتارەکەش بەناوی [[ دەربەگایەتی نێو بزووتنەوەی کوردایەتی]]... باسێکی قووڵ و فرە ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی فیکرییە..




پرۆژەی لە چاپدانەوەی بڵاوکراوەکانی
- پاسۆك -
گۆڤاری
ئاڵای سووری کوردایەتی
ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی (پاسۆك)..
ئامادەکردنی: هەڵۆ بەرزنجەیی
بەرگی یەکەم
ژمارەکانی ١ - ١٦
ئامادەکردنی: هەڵۆ بەرزنجەیی
پرۆژەی لە چاپدانەوەی بڵاوکراوەکانی - پاسۆك -
بەرگی یەکەم
ژمارەکانی ١ - ١٦
ئەمەی بەردەستتان لاپەڕەیەکی هێجگار و گەش و سەنگینی ڕۆژنامەگەریی
کوردیی و ئەڵقەیەکی گرنگی خەباتی سیاسی و چەکداری و ویستگەیەکی بەرچاو و
ڕشنگداری مێژووی نەتەوەیی لە خۆگرتووە. هاوکات ئەم گۆڤارە بوتە خەرمان و
سەرچاوەیەکی گرنگی تۆماری پرسە قوڵ و ڕەهەندارە فیکری و سیاسییەکانی
بیری نەتەوەیی، هەر نەبێ لەو سەردەمەدا و بەپێوانگی ئەو ڕۆژگارەی خوی. واتە
خوازین و نەخوازین ئەم مێژووە لەم خانە مێژووییەدا ڕیزبەند دەکرێت.
شاراوە نییە، ئەوەی ڕۆژی بونی بە هەناسەی هاوبیریکی نەتەوەیی ڕاستەقینەوە
ژدبێت! کە چوناوچونی و بە چ ئەندازە و شێوەیەک بۆ پرسی نەتەوەکەی
سووتاو سووتاوە، ئەوا بێ دوودڵی و بێنەوبەرەیەک زۆر ئاسانتر چیرۆکی ئەم
ئازار و ژانانە تێ دەگات...
ئاڵای سووری کوردایەتی، باسەکانی فرە بابەتن و بە زمانێکی تەرو پاراوی
کوردی نووسراون و باڵانومای واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردی نووسراون و
تومت ئەوەی تیدا تۆمار کراوە کە ڕوویداوە. چ گەرد و تەپوتۆزێکیان لێ
نیشتووە و ترش و خوێیەکیان پێوە نەکراوە و ڕتووشیشیان بۆ نەکراوە...
لەم گۆڤارەدا میتۆدی ڕەخنەگرتن ، بیری ئازاد ، ڕێگەدان بە بیروڕای جیاواز،
تەک زۆر بابەتی دیکەدا بەدی دەکرێت. گۆڤارەکە لە ڕووی بەرپرسیارێتی فکری
مۆراڵییەوە تەنیا« ئۆرگانی هێزی پێشمەرگە» بووە . ئەمەش جگەلەوەی
ئوشەویستی گەورەیی پێشمەرگەیە، هەمان کات بەرپرسانە مامەڵەکردنە لەگەڵ
وزە پیرۆز و گەورەکەی چەمکی «کوردبوون»دا.
هەڵۆ بەرزنجەیی